# شەرەفی كچ لە نێو لینگی كچدایە ، یان لە عەقڵیدا؟
# چەند پرسیارێك لەبارەی نامووسی (كچ)ەوە

**بەشی یەكەم**

**ڤینۆس فایەق**
venusfaiq@gmail.com



**تێبینی: ئەم بەشە لە رۆژنامەی كوردستان راپۆرت لە هەولێر رۆژی 15ی مای 2007 لە ژمارەی 204 بلاۆبۆتەوە..**

باوەڕم وانیە كۆمەڵگایەك لە سەدەی بیستەمدا تەنها لە زمانی تێلاّ و بەرد و رەجمكردن تێبگات ، بتوانێت لە زمانی ژنانەی من تێبگات و داهێنەربێت وەلاّمێكی شارستانی پرسیارێكم بداتەوە سەبارەت بە مافەكانی ژن ، سەبارەت بەوەی ئایا ژن كائنێكی تەواوە وەكوو پیاو؟ ئایا هەمان ئەو مافانەی هەیە كە پیاو هەیەتی؟ ئایا شەرەڤی ژن كەوتۆتە كوێی جوگرافیای جەستەیەوە؟ ئایا ژن عەقڵی هەیە یان نا؟ ئایا ژن بە عەقڵیەوە ویستراوە یان بە شەرەڤی نێولینگیەوە؟ ئایا ئەو شەرەفە تەنها بریتیە لەو (پەردە)یەی شەوی بووك و زاوایی ، زاوا لەبەینی ئەبات و، دواتر هەناسەی پیاوەتی هەڵدەكێشێت؟ یان لە رەنگی سووری خوێندایە كە پێی دەڵی ئەوەتا تۆ بوویت یەكەم پیاو بۆت هەبوو رەنگی سووری ئەو خوێنە ببینیت ، ئیتر مەرج نیە عاشقت بووبم ، لێشم مەپرسە ئایا ئەلفوبێی عەشق ئەزانم ، چونكە تۆ خۆت هێشتا چاوت بە ئەلف و بێی عەشق نەكەوتووە ، مەرج ئەوەیە تۆ پیاویت و منیش ئەمانەتەكەی خۆمم بەسەلامەتی گەیاندەدەستت ، كە شەرەفمە ... ئا ببورە مەبەستم شەرەڤی باوكمە ، نا نا ، مەبەستم شەرەڤی خێزانەكەمە ، نا نا مەبەستم شەرەڤی هەموو كۆمەڵگایە ، شەرەڤی عەشرەت و پیاوانی سمێل زل!!! هەروەك لە قورئاندا خودا ئەمرمان پێدەكات وهاتووە (أن الله يأمركم أن تؤدوا الأمانه إلى أهلها) ، ئەوە منیش ئەمانەتی عەشرەت و كۆمەڵگام گەیاند ، كەواتە من شەریفم... ئیدی كارت بە خەیاڵم نەبێت ، كارت بە دڵم نەبێت ، كارت بەوە نەبێت كە لەگەڵت جووت دەبم بیر لە كێ دەكەمەوە و خۆزگەم دەخواست لە جێگەت بێت!!! تۆ كارت بەو پەردەیە بوو بەسەلامەتی هاتە بەردەستت و بەخۆت شەرەڤی دڕاندنیت دەستكەوت ، كارت بەرەنگی سووری خوێنە كە ئەیسەلمێنێت من شەریف بووم ، و هیچ پیاوێكی تر جگە لەتۆ دەستی بۆ نەبردووم ، كارت بە هەست و نەستم نیە ، داخوا لەگەڵ تۆن یان لەلای پیاوێكی دی خۆزگەم دەخواست ببمە هاوسەری و هەتا دەمرم دڵسۆزی بم.. ئەمە قسەی ئەو كچەبوو كە دوای ئەوەی نەشتەرگەری چاكردنەوە و دروونەوەی (پەردەی كچێنی) كرد ، وتی: من ئەو مێردەم هەڵنەبژارد ، خێزانەكەم بۆی هەڵبژاردم ، من كەسێكی ترم خووشویست و كچێنی خۆمم پێڕەوا بینی ، بەلاّم خێزانەكەم نەیانهێشت شووی پێبكەم ، لەبەر ئەوەشی شەرەف لە كۆمەڵگای ئێمەدا بریتیە لە پەردەی كچێنی بردیانم نەشتەرگەری دروونەوەی پەردەكەیان بۆ كردم و دواتر دایانم بەشوو ، بەبێ بزانم ئەو پیاوەی شووی پێدەكەم داخوا خۆشی دەوێم یان نا؟ داخوا من خۆشم دەوێ یان نا؟ ئەوان مەبەستیان ئەوەبوو كچێك بە كچێنی بدەن بەشوو ، گرنگ لای ئەوان عەقڵی من نەبوو وەكوو كچ ، گرنگ نەبوو من رۆحم پاكیزەیە یان نا؟ چونكە ئەوان لەوە تێناگەن ژن بە راستگۆیی پیاوێكی خۆشبوێ ، لەوەش تێناگەن ژن كائنێكی ئازادە و خاوەنی جەستەی خۆیەتی ، بۆی

هەیە بیبەخشێ بەوەی بەڕاستەقینە خۆشی دەوێت ، کە بەخشیشمان پێمان دەدروونەوە.. ئەم قسەیەم لە کچێکی تریش بیست باسی کچێکی هاوڕێی بۆ دەکردم هەمان نەشتەرگەری کردووە و دواتر شووی کردووە بە پیاوێکی تر..

پێشەکی:

باوەڕم وانیە کۆمەڵگایەك هێشتا درکی بە زمانی خۆشەویستی و عیشق نەکردبێت بتوانێت وەڵامی پرسیارەکانی عیشق بداتەوە ، چونکە ئەو کۆمەڵگایە زیاتر حەزی بە رەنگی سووری خوێنە ، ئیتر ئەو خوێنە لە نێو لینگی کچێکەوە یان لە کەللەسەری دوژمنێکیەوە بێت ، گرنگ ئەوەیە هاوکێشەی پیاوەتی و ژنێتی لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوودا راگرێ ، گرنگ نیە لەگەڵ ژنەکەدا عیشق هەبێت یان نا ، هەروەك گرنگ نیە ئەو کچە خۆشحاڵە یان نا ، تەنانەت باشتر وایە خەتەنە کرابێت نەکا خۆشی لە جووتبوون ببینێت ، چونکە ئەو خۆشیە بۆ ژن نەکراوە ، رەگەزی ئەو خۆشیە نێرە و تەنها بۆ نێرە بیناسێت..

لە ژمارە (200)ی ئەم رۆژنامەیە رێکەوتی 8ی ئایاری 2007 ریپۆرتاژێکم بلاوکردەوە سەبارەت بە مەسەلەی هاوسەرگیری کچی کورد لەگەڵ کوڕ لە ئاین و رەگەزی جیا ، و ئایا ئەوە مافە یان تاوان؟

لەم ریپۆرتاژەشدا باس لە مەسەلەیەکی گەلێ هەستەوەری تر دەکەم کە هەتا ئیستا زۆرم لەسەر نەخوێندۆتەوە ، ئەویش مەسەلەی شەرەفی ژن و بیرۆکەی ئەوەی (کچێنی یان پاکیزەیی) کچ پێوەرێك بێت بۆ شەرەفی خێزان و خێڵ و کۆمەڵگا ، ئایا تەنها سەلامەتی (پەردەی کچێنی) گەرەنتی سەلامەتی شەرەفی کۆمەڵگا دەکات؟ ئایا ئەو شەرەفە لەکوێدایە؟ لە بەشی سەرەوەی جەستەی ژن یان لەبەشی خوارەوەی جەستەی ، بە چەند وشەیەکی تر ئایا شەرەفی ژن لە عەقڵیدایە یان نێولینگیدایە؟

ئەو دەمەی کچ لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەدرێت بەشوو ، بە کۆمەڵێ داب و نەریت و ویستگەی کۆمەلأیەتیدا تێدەپەڕێت ، بە کۆمەڵێ پرۆسەی بێ مانا و نابەجێ کە هەرهەمووی مەسەلەی ئەوەی خێزانێك کچێك دەدەن بەشوو ، بەدەر لەوەی ئایا ئەو کچە ئەو کوڕەی دەوێت یان نا؟ ئایا بەختەوەرە بەو شووە یان نا؟ هەموو ئەوە بەمانای ئەوەی سندووقێکی شەرەف دەگوێزنەوە.. هەر لەو رۆژەوە کە کچەکە دەستنیشان دەکرێت ، هەتا کە دایکی کوڕەکە دەچێتە بینینی و پاشان داخوازی دەکەن.. بێگومان قسەمان لەسەر (کچە کچ) نەك (بێوەژن) واتا (بەمەرجی سەرمۆری) بەواتایەکی تر (وەك قوتوی سەرمۆر هەڵنەپچڕدرابێت و مۆری شەریکەی پێوە بێت کە بریتیە لە پەردەی کچێنی) جگە لەوەی (لەهەندێ گوند و ناوچەدا مەرجێکی تریان هەیە دەبێت کچەکە خەتەنەکراوبێت) ، ئیدی هەتا رۆژی ئاڵتوون هەڵگرتن و جل و بەرگ بەکرێدان ، جگە لە قسەکردن لەسەر مارەیی و پێشەکی و پاشەکی و لەگەڵ کۆمەڵێ شتی تر کە هەرهەمووی مەسەلەی ئەوەی کچ کالأیەکە و خاوەنی خۆی نیە ، بەشوودانی واتا فرۆشتنی ئەچەسپێنێت ، جگە لە گەلێ مەراسیمی شەرمن لەوانە رۆژی گواستنەوە و ئاهەنگگێران نابێت باوك و برا ئامادەبن ، ئەگەر ئامادەش بن نابێت پێکەنن ، نابێت چەپڵە لێدەن ، نابێت کەسوکاری کچ هەڵپەڕن و خۆشی دەربڕن ، نابێت بووکێ زۆر پێبکەنێ و خۆشی دەربڕێ یان سەماکات ، یان شت زۆر بخوات ، نابێت و نابێت و نابێت ، ئەمانە هەموو ئەگەر بکرێ ئەوا خەڵك دەڵێن ئەو کچە و کەسوکاری سوکن و لەخودایان ویستووە کچەکەیان بدەن بەشوو نەجاتیان بێت و دواتر مێردەکەی و ماڵە خەزوورانی رێزی لێناگرن..

چەند سەیر و سەمەرەیە کۆمەڵگای ئێمە ، پێوەری بەشەرەفی و بەناموسی لەوەدایە کەسوکاری کچ گرژی و مۆنی بنوێنن کە کچ دەدەن بەشوو ، دەبێت مامەڵەی بازرگانی بکەن کە کچەکەیان دەدەن بەشوو ، هەتا ئیستاش لە کۆمەڵگای ئێمەدا کچ بەشدار نیە لە پرۆسەی بەشوودانی ، تەنها لە شەوی بووك و زاواییدا ، دەنا ئاڵتوون بە ئارەزووی ماڵی باوکیەتی ، جل وبەرگ ئەوان دەڵێن کامە جوانە ، ماڵ و کەل و پەلی ناوماڵ هەر ماڵی باوکی دەبێت بڕیاری لێبدەن ، پێوەری شەرەف لەوەدایە ئەو کچە بێدەنگ و سەرکز هەتا ئەڕوات..

گرنگترین پێوانە ئەوەیە کچ خۆشەویستی نەکردبێت ، بە کوڕێکی نەوتبێت خۆشم دەوێیت ، لەکاتێکدا لە رۆژئاوا ئەگەر کچێك هەتا هاوسەر بۆخۆی دەدۆزێتەوە نەیتوانیبێت کوڕێکی خۆشویستبێت یان بە کوڕێکی نەوتبێت خۆشم دەوێی ، ئەوا دەڵێن ئەو کچە لەلایەنی دەروونیەوە نەخۆشە و دەبێت بچێتە لای پزیشکی تایبەتمەندی دەروونی و یارمەتی بدات لایەنی سایکۆلۆژی ئەو کچە شیکاتەوە ، تەنانەت لەوانەیە ئەوە کارکردی هەبێت بۆ ژیانی پیشەیی کە لەوانەیە نەتوانێت بە خۆشەویستی و نەرمونیانی مامەڵە لەگەڵ دەوروبەریدا بکات ، بۆیە هەوڵی تەواوی لەگەڵ دەدەن هەتا چارەسەری دەکەن و لە هۆکانی تێدەگەن ، هەتا ئەو کچەکەش چارەسەر دەکرێ کەسوکار و باوکودایکی مەراقیانە کچەکەیان بۆ وایە؟..

بەلآم لە کۆمەڵگای ئێمەدا تەواو بە پێچەوانەوەیە ، کۆمەڵگاکەمان شانازی بەوەوە دەکات کچەکەیان ئەگەر لە تەمەنی 40 ساڵیش شوو بکات ، دەبێت هەتا ئەو کاتە شەرەفی خۆی پاراستبێت لەرێی ئەوەی بە کوڕێکی نەوتبێت خۆشم دەوێیت ، لەرێی ئەوەی (پەردە)ی کچێنی پاراستبێت و نەڕووشابێت ، تەنانەت تەکانی توندیش نەدات نەکا ئەو پەردەیە بدڕێت ، نەکا شەرەفی کۆمەڵگا بڕووشێت ، ئەوەش ئەوە دووپات دەکاتەوە کەوا لە کۆمەڵگای ئێمەدا بۆچی ناهێڵن کچ هەڵبەز و دابەز بکات ، بۆچی نابێت بەدڵی خۆی یاری بکات و خۆی هەڵدات و سوارياری (شاری یاری) نەبێت نەکا بکەوێت و (پەردە)کەی بدڕێت ، ئیتر وەکوو خواردنی ناوقوتوو بۆگەن دەکات و کەس نایەوێت ، نەکا ئابڕووی پیاویانی خێزانەکەی و خێڵەکەی بڕووشێت..

زۆر دەمێکە دەمەوێت سەبارەت بەم مەسەلەیە بنووسم و بیورووژێنم ، بەلآم لەبەر ئەوەی زۆر جار حەزم کردووە بەهانەیەك هەبێت بۆ وروژاندنی ئینجا ئەو باسە بکەمەوە ، هەرچەندە باوەڕیشم وایە مەسەلەی ماف و داکۆکیکردن لە مافەکانی ژن پێویستی بە بۆنە و بەهانە نیە بۆ ئەوەی بوروژێنرێت لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی وەکوو کۆمەڵگای کوردەواری..بەلآم ئەمجارە بە پێویستم زانی چیدی بێدەنگ نەبم ، چیدی ئەو تابووانە بشکێنم کە ئەمانخنکێنێت و ئەم بابەتەم ئامادەکرد..

کە دیمانەکەی باوکی (دوعا)م لە لاپەڕە (7)ی رۆژنامەی کوردستان راپۆرت لە ژمارەی (196)ی رۆژی 2ی ئایاری 2007 بینی بڕیارم دا ئەم بابەتە تەواو بکەم و بلآوی بکەمەوە...ئەو دەمەی دیمانە و وێنەکەی باوکی (دوعا)م ، سەرەتا بەزەییم بە دڵی باوکێکدا هاتەوە کچێکی نازداری لەدەستچوو ، پاشان بەزەییم بە کچێکیشدا هاتەوە بەو شێوە وەحشیانەیە شەهیدکرا بە تاوانی خۆشەویستی ، دواتر نیگەران بووم بەرامبەر بە باوکێك هیچ بەزەییەکی لە دڵدا نەبوو ئەو دەمەی کچەکەیان بەردباران کردبوو ، داخوا لە کوێ بوو ، دوای ئەوەش وا بەهێزەوە دەڵێ: هیچ ئەو رووداوەی پێخۆش نەبووە و هەمووی بەهۆی برا و ئامۆزاکەیەوە روویداوە.. مەگەر (دوعا) کچی نەبوو بچێ خۆی بدات بەسەر جەستەی ناسك و نازداریدا و نەهێڵێت بەرد بارانی بکەن ، یان دەترسا دوو بەردی بەرکەوێت؟ یان بچووبا خۆی بدات بە رانە سپیەکانیدا و دەرپێکەی کە بەنەزەرەی

"خێلەکیی" کۆمەلگا شەرەفی ئەو پیاوە دلرەقەی هەلگرتبوو و، دایپۆشێ هەتا رۆژی پشکنین و دووپاتبوونەوەی ئەوەی (دوعا) کچ بووە و پاکیزەبووە و نەهێلێ پیاوانی ناپیاو بەرد بگرنە ران و ناو لینگی..
چەند هەستم بە شەرمەزاری کرد ئەو دەمەی لە رۆژنامەی ئاوێنەدا نووسرابوو: پاش پشکنینی پزیشکی دەرکەوتووە (دوعا) کچ بووە.. ئاخر مەگەر دوعا ئادەمیزادێکی سەربەست و ئازاد نەبوو و، دواتر خاوەنی ناولینگی خۆی نەبووە..
بابی (دوعا) لە دیمانەیەکی تری تایبەت بە هەردوو رۆژنامەی ئاوێنە و ژیانەوە کە لە سلێمانی بەچاپ دەگەن دەلێ: ئەو شێوەیەی کچەکەمی پێ کوژرا هیچ ئاینێکی ئاسمانی قبوولی ناکات." بەلام پێدەچێت بۆخۆی وەك باوکێك پێی قبوولبووبێت ، دەنا ئەو دەمەی بەردەکان دەهاویژرا خۆی لە کوێ شاردبۆوە؟ ، ئەی ئەگەر ئەوەندە بەداخبوو بۆ نەچوو لەگەلێ کچەکەیدا بەردبارانکرێ ، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کچەکەی تاوانبار نیە..
ئینجا دوای هەموو ئەوەش دەلێن: پاش پشکنینی پزیشکی دەرکەوتووە (دوعا) کچ بووە.. ئەوەی جێی سەرسورمان و راچلەکانم بوو (دوعا) چوار برای هەیە ، گەورەکە ماستەری لە ئەندازیاریدا هەیە ، دووەمیان لە کۆلیژی ئاداب بەشی زمانی ئینگلیزیە ، سێهەم لە قۆناغی سێی کۆمپیوتەرە لە زانکۆ ، چوارەمیش لە کۆلیژی پزیشکیە .. چوار کچیشیان هەیە ، (دوعا) هەتا سێی سەرەتایی خوێندووە ، کچێکی تر لە چواری زانستیە ، ئیتر باسی دووانەکەی تر نەکراوە.. بەهەر حالێ وردبوونەوەیەك لەو خێزانە کە هەموو بروانامە بەرزەکانی بە کورەکانی رەوابینیوە ، بەلام نمونەی کچەکانی (دوعا)بووە رێگەیان داوە تەنها هەتا سێی سەرەتایی بخوێنێت ، دواتر رێگەشی نادرێ هاوسەری خۆی هەلبژێرێت ، باشە ئەو کورانە چ سوودێکیان لەو بروانامانە بینیوە ، یان بەباوەری ئەوان ئەندازیاری باسی لە شەرەفی کچ نەکردووە ، لە کۆلیژی پزیشکی باسی ناکات داخوا شەرەفی ژن کەوتۆتە کوێی جەستەیەوە؟ و لە بەشی زمانی ئینگلیزی کۆلیژی ئاداب باسی خۆشەویستی نەهاتووە ، هەروەها کۆلیژی زانستی کۆمپیوتەر باس لە مافەکانی ژن ناکات..
بەهەرحالێ هاوکات لەگەلێ درامای بەردبارانکردنی (دوعا)ی نازداردا چیرۆکی کچێکی تری مازدار دەگێرمەوە کە هەر بە بەهانەی nامووس باوك و براکەی دەیکوژن ، ئەو nامووسەی لە هیچ دەقێکی یاسایی لە دەستوور و یاساکانی دەولەتە پێشکەوتووەکاندا باسی نەهاتووە ، چونکە ئەوان باوەریان وایە nامووس و شەرەف مەسەلەیەکی تاکەکەسیە و یاسا کاری بەسەریەوە نیە..
سالێ پار گوایا کورێکی نیشتەجێی ولاتی ئوستراليا ، مالێ باوکی دەنێرنە داخوازی کچێك بۆی ، بێگومان لەبەر ئەوەی لە ئوسترالیایە نە لە بروانامە ئەپرسن ، چونکە لە دەرەوەی کوردستانە ، هەروەها لە nامووس ناپرسن چونکە nامووس لەلای کچە نەك کور ، بێ شەرت و مەرج رازی دەبن و دوای هەموو مەراسیمەکان ، کچە بەرەو ولاتی ئوردون دەبەن بۆ ئەوەی لەوێوە رەوانەی چارەنووسی نادیاری بکەن ، کچە بە فرۆکە دەروات و دەگاتە ئوستراليا ، باوك و براش بەمەبەستی بازرگانی و هەندێ کاری تایبەت چەند شەوێك لە عەممان دەمێننەوە ، شەوی دوای گەیشتنی کچەکە بۆ لای مێردی نەناسراوی زاوا تەلەفۆن بۆ باوکی کچەکە دەکات ، دەلێ لە عەممان چاوەرێ بن کچەکەتا لەگەلێ فرۆکە بۆ دەنێرمەوە.. کچەکەیان سەرمۆر نەبووە ، کچەکەیان کچ نەبووە ، پەردە نەبووە بیدرێنێت ، دواتر رەنگی سووری خوێنی نەبینیوە.. باوکە شێت دەبێت هەتا کچە دەگاتەوە فرۆکەخانە ، هەر ئەو رۆژە کە دەگاتەوە ، لەگەلێ کورەکەیدا ، کچە دەبەنە شوێنێکی دوور و قەراغ شار ، و لەوێ ئەیکوژن.. بەلام خۆشبەختانە دەمودەس دەگیرێن و تاوانەکەیان دەردەکەوێت ، پاشان بێگومان کابرا

دەڵێ: کچەکەمم لەسەر مەسەلەی نامووس کورشتووە!! هەڵبەتە ئەو وڵاتەشی لێی بووە هێند وڵاتێکی پێشکەوتوونیە ، بگرە لە کوردستان گەلێ دواکەتووترە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەنێرن کچکەکە بپشکنرێت ، دەردەکەوێت کچکەکە کچ بووە ، جۆری پەردەکەی لەو جۆرانەیە کە بە شەوی بووك و زاوایی نادڕێت ، تەنها لە کاتی منداڵبووندا ئەدڕێت..

ئەم بابەتە درێژەی هەیە.. بەشی دووم باسی ئەو نەشتەرگەریە دەکات کە کچان لە ترسی کۆمەڵگای دواکەوتوویان دەیکەن بۆ ردوونەوەی پەردەی کچێنیان ، بۆ ئەو باسەش چەند نمونەیەکی تیا هاتووە..